## ٩ی دیسەمبەر رۆژی قەدەغەکردنی جینۆسایدو رێزگرتن لە قوربانیانە




٧٦ ساڵ لەمەوبەر بڕیاری قەدەغەکردنی جینۆسایدو سزادانی بکەرانی دەرچوو, ٩ ساڵ لەمەوپێشیش لە لایەن نەتەوەی گگرتووەکانەوە بە بەشداری ١٥٣ وڵەت بڕیاری ئەوە درا ئەم رۆژە وەك رۆژی جیهانی قەدەغەکردنی جینۆسایدو رێزگرتن لە قوربانیان و سزادانی بکەرانی بناسرێت. لێ لە کاتێکدا یادی ئەم رۆژە لە کوردستان دەکەینەوە, بە داخەوە لە عێراقەکەی ئێمە کە ٦٥ ساڵە پەیوەست بووە بە رێکەوتننامەکەوە, تاوانبارانی جینۆساید ئازادن و لە پێگەی خۆیانەوە وەك بەشداربووی تاوان سەیر ناکرێن و دان نانیچن بە راستییەکاندا, لە بۆنەکاندا وەك رێزلێگیراو دەردەکەون و دوای مردنیان پرسەی شاهانەیان بە ئاڵای کوردستانەوە بۆ دادەنرێت. بۆ ئەوەی رێز لەو بڕیارە جیهانییە و قوربانیانی جینۆساید بگرترێت و کەرامەتیان پارێزراو بێت , پێویستە دەست بەجێ تاوانباران دادگایی بکرێن, ئەوە گەڕاندنەوەی رێزو کەرامەتە بۆ قوربانیانی جینۆسایدی گەلی کوردستان. هەر لێرەوە وەك ئەم رێکخراوانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە داوا لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عیراق دەکەین ئەم رۆژە بە فەرمی بناسێنن بکرێتە رۆژێکی تایبەت تیایدا رێز لە قوربانیانی جینۆسایدی کوردستان و عێراق بگرن و وەڵام بە سەرجەم داواکارییەکانیان بدرێتەوە لە دادگاییکردنی تاوانباران, باشترکردنی ژیانیان, داوای لێبوردن کردن لێیان, قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوییان, گەڕانەوەی ڕوفاتی ئازیزانیان , بۆ دووبارە نەبوونەوەی جینۆسایدو دڵنەوایی قوربانیان عێراق دەست بەجیچ ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

ناوی رێکخراوەکان :

1- رێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان
2 تۆڕی ئایکان کوردستان
3 رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان
4 رێکخراوی جیهان بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی
5 هەلمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان
6 هەڵمەتی دادپەروەری

7-ناوەندی داکۆکی پشدەر  بۆ  قبانیان وجینۆسایدکراوان
8-رێکخراوی کوردستان بێ  جینۆساید
9 -تۆڕی هاوپەیمانی رێکخراوە کوردستانییەکان بۆ دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی-koncicc
10-رۆژنامەی نگرە سەلمان

009647503714620